

# رواو... لە چەقی چاوەڕوانیدا

ئیدریس عەلی

دڵم خۆشە
منداڵی داویە لە کەلەم..
بەو ڕێیەدا.. کە لێوەی هاتم بۆ مردن
بەسواری قامیشێکەوە
بەدەم فیکەلێدانەوە
دەگەڕێمەوە لای ژیان،
دەچمەوە بەردەرگای مەکتەب
کە هەمووجار بەقەڵەمی رەش لەسەریم دەنووسی
« بەیانی پشووی رەسمییە.. هەموومان دەچین بۆ سێو دزین».
دڵم خۆشە
ئەوین پێی لێکردووم بە کەوشا
بەرلەوەی بڕۆم
دوو پسک عەتر.. ئەدەم لە ملی ڕێحانە

عەینەکێکی شەمسی دەکەمە چاوی سمۆرە
چەترێك ئەدەمە دەست باران
دەستکێش هەڵدەکێشمە دەستی بەفر
مستیلەیەکی زیو دەکەمە پەنجەی کاریلە
نینۆکی پەپوولە بەڕەنگی ترێ بۆیە دەکەم
چپەیەکی خۆش دەکەم بۆ تەنهایی،
جانتاکەم دەکەمەوە
قەڵەمێك دەردێنم
دەکەومە وێنەکردنەوەی رابردوو
باخچە تۆخ تۆخ دەکەمەوە
پەنجەرەیەکی ڕا ڕا دەکێشم
سێبەرێکی درێژ دروست دەکەم
لەسەر سنگی تاریکی تارمایی خەمێك دەنەخشێنم
ئیمزایەك ئەدەم لە درەخت
دەنووکی کۆتر بە ماچ تیژ دەکەمەوە
خەیاڵ هەڵدەکێشم لەڕۆیشتن
دەکەومە کەڵکەڵەی نووسینو گێڕانەوەی خەونی سەیر سەیر
لێوی گریان بەگێلاس سوور دەکەم
چاوەڕوانی بە شاتوو رەش دەکەمەوە،
دڵم دەکەوێتە هەڵفرین
نەرم .. نەرم.. بەژێر هەتاوەکەدا دەڕۆم
کتێبێك لەسەر شۆستەکە هەڵدەگرمەوە
کتێبێکی بەرگ پەمەیی
دەیبەمە ناو باخچەکەی حەوشە
لەڕادیۆکەوە
دەنگی مۆسیقایەك دەبیستم
کتێبەکە دەنووسێنم بەدڵمەوە
دەستدەکەم بەخوێندنەوەی ژیان،
لاسکی ڕێحانە دەخەمە نێوان لاپەڕەکانییەوە
بۆ ئەوەی کە لەخەیاڵ گەڕامەوە
بزانم لە کوێتدام..
کتێبێك دەخەمە سەر کۆشم
کتێبێکی ماکسی پەمەیی
لە کۆڵانەکەوە دەنگی سەوزەفرۆشەکە دێت
ئەمبولانس لوورە لوور
هەموو شار دەبات بۆ ژووری ئینعاش،
لەمنارەی مزگەوتەکەوە حاجی لەقلەق هاوار دەکات (الله اکبر)
هەموو گەڕەك بەگۆچانەوە دەچن بۆ نوێژ،
ریزێك چۆلەکە لەسەر تەنافەکە هەڵدەنیشن

ستیان‌و تەنوورەو ئاوەڵکراسەکان ریقناوی دەکەن،
کەچی من
کتێبێکی ماکسی پەمەیی هەر لەباوەشمایە
یەکبینە هەر تۆ دەخوێنمەوە،
جارجار نەبێت کە خەیاڵ دەمبات:
ناوکی ترێ
توێکڵی خەیار
تاڵێك لە سمێڵی پشیلە
لەتێك لەرۆحم
قومێك دووکەڵی جگەرە
دەنکە گەنمێك بە دەمی مێرووڵەوە
پارچەیەك کلێنس لەگیرفانی چۆلەکەدا دەردێنم
دەینێمە نێوان لاپەڕەکانییەوە
بۆ ئەوەی کە لە خەیاڵ گەڕامەوە
بزانم لەکوێدام.
کتێبێك دەنێمە بنباڵم‌و دەڕۆم
لەپاسدا شوێنی نەفەرێکی بۆ دەگرم
لە شەعب چایەکی بۆ بانگ دەکەم‌و جگەرەیەکی دەدەمێ
لەسەرجادە دەستی دەگرم‌و دەیپەڕێنمەوە
دەچینە بازاڕی زانکۆ
کراسێکی پەمەیی بەدڵی ئەو دەکرم
وێریدەکەم لەسەر من عەترێك هەڵگرێ
دەیناسێنم بەهاوڕێکانم،
لەدوورەوە کاشانی نیشان دەدەم
سهرابی بۆ دەخوێنمەوە.. دەیبەم بۆ ماڵی لۆرکا
لەگەڵ مارکیز رەسمیان دەگرم
وای لێدەکەم گوێ لەماملێ بگرێت
فێری چاتی دەکەم.. دەیبەم بۆ رۆژنامە..
ناهێڵم هەواڵی شەڕەکان ببینێ
با نەزانێ هەفتەی پێشوو
چەند سنەوبەر خۆیان سووتاند
با نەبیستێت چەند سوورە ماسی
لەسەرابی غوربەتا خنکاند،
خەنی دەبم
بەم نەختە رووناکییەی ژوور سەرم
بەم چڵە ئومێدەی داومە لەیەخەم،
دڵخۆش دەبم
بەهەر شتێك کە بۆنی ژیانی لێدێت.
قوشقی دەبم



بەسڵاوێك كە بەدەستی هاورێیەكمەوە بەردەبێتەوە
بەنیگایەك كە لە ژێر عەینەكی كچێكەوە دەرژێت
بەمنداڵێك كە بەسواری پاسكیلەوە نانی گەرم دەباتەوە
بەژنێك كە بە بوخچەی حەمامەوە بەیانی باشم لێدەكات
بەئیمەیلەكانی ( كاروان)[١] كە داخن بە میهرەبانی
بەگومانە شەرعییەكانی ( یوسف)[٢] لەژیان
بەلێزمەی بارانەكانی (غەمبار)[٣] كە سڵاوی پێدا دەنێرێت بۆ نیشتمان
بەفیكە فیكی حەسحەسێكی شەوانە
بەحەماڵێك كە فەردە «پیاز» دادەگرێت
بەفێنكایی چواردەوری عەرەبانەی بەقاڵێك
بەغەڵبە غەڵبی بازاری لەنگەكە
بە شانشانێنی بەردەرگای هۆڵی شانۆ
بە چاوەڕوانیی بەردەم نانەواخانەیەكی لاكۆڵان
بەبۆنی حێڵو دارچینیو.. ملچە ملچی شەكری كلۆ لەدەمی بێدانێكدا
بە زرینگە زرینگی تێكدانی پیاڵەیەك چا.. لەبەیانییەكی دڵخۆشی هاویندا
بەهووهاكێشان لە دوو كەلەشێری شەڕانی
بەئاوڕشێنكردنی بەردەرگای خەیاڵ
بەخرمە خرمی پێی مێرووله كە بەسەر بەفردا دەڕوات
بەدەنگی كردنەوەی دەسكی دەرگا
بەزەنگی پشووی نێوان وانەكان
بەدەنگی گۆچانی ئیختیارەكانی لای مزگەوت
بەبۆنی مەنجەڵێك نیسكێنە لەماڵەباجێنەی كۆڵانێكدا
بەكەسێكی ڕوواو لەچەقی چاوەڕوانیدا..
كە ڕەنگە مناڵیی لەسەردا هاتبێو دابێتی لە كەلەی
كە ڕەنگە خەونی دیتبێ ئەوین پێی لێدەكات بە كەوشاو
مەزەنەی كردبێت دڵی كەوتۆتە هەڵفرین.

**تێبینی:**

ئەو ناوانەی لەم دەقەدا هاتوون:

١- كاروان كاكە سوور
٢- یوسف عیزەدین
٣- جەمال غەمبار